https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.15

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پیادەکردنی چەمکی تۆلێرانس وەک چارەسەرێک بە ڕووی سێکتاریانیزمدا:

## ئایا چۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

م.ی. هۆشەنگ دارا
Hoshang.hama@soran.edu.iq

م. ی. هندرێن ئەحمەد
Handren.eahya@soran.edu.iq

م. ی. سالار سوار
Salar.ismael@soran.edu.iq

**فاکەڵتیی یاسا و زانستی سیاسەت و بەڕیوەبردن بەشی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان**

**پوختە:**

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، زۆرێک لە گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیارییکراویش عێراق، بە دەست کێشەکانی پەیوەست بە سێکتاریانیزمەوە دەناڵێنن. گوتاری ڕقلێبوونەوە، ناکۆکی و پێکدادانەکان لە سەر بنەمای پێکهاتە، تائیفیە، ئایین و مەزهەب و جیاوازییەکانی دیکە بوونەتە سیمایەکی دیاری ژیانی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیی گەلانی ئەم ناوچەیە. ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دواکەوتن و دوورکەوتنەوەی ئەو گەلانە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن. لە لیترچەری پەیوەست بەم بابەتەدا، چەندین پێشنیاز لە شوێنکاتە جیاوازەکاندا خراونەتە ڕوو. سەبارەت بە عێراقی دوای 2003شەوە، هەندێکیان، وەک دیموکراسییەکی تەوافوقی و ڕێژەیی، فیدراڵی و سێکیولاریزم، تا ڕادەیەک تاقیکراونەتەوە. هاوکات، هیچیان نەیانتوانیوە کۆتایی بەم گرفتە بهێنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی تۆلێرانس لای جۆن لۆک وەربگرێت و لە ڕووی تیۆرییەوە بە سەر کەیسی عێراقدا پیادەی بکات. پرسەکە ئەوەیە ئایا فەلسەفەی جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ و چەمکی تۆلێرانس دەتوانێت کۆتایی بە پێکدادانەکانی تائیفەکانی ناو عێراق لەسەر ئاستە جیاوازەکان بهێنێت. ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە دۆزینەوەی چارەسەرێکە بۆ کێشەکانی پەیوەست بە ئێتنۆ-سێکتاریانیزم کە بتوانێت بەردەوام بێت، ڕەگی خۆی لە کۆمەڵگادا دابکوتێت و سروشتێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق بهێنێتە کایەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی تیۆری، تۆلێرانس ڕووندەکاتەوە، پاشان بارودۆخی عێراقی هاوچەرخ دەخاتە ڕوو و دواجاریش پێشنیازی خۆی بۆ چارەسەری گرفتەکان دەخاتە ڕوو.

**وشه کلیلییەکان:** تۆلێرانس، جۆن لۆک، سێکتاریانیزم، ئیسنیسیتی، عێراق.

## پیـــــادەکردنی چەمکـــــی تـــــۆلێرانس وەک چارەســــــەرێک بە ڕووی سێکتاریانیزمدا:

## ئایا جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

### پێشەکی: میتۆدۆلۆژی و دەروازەی تیۆریی توێژینەوەکە

لــە ســەردەمی ئــەمڕۆدا، زۆرێــک لــە گــەلانی وڵاتــانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست و بە دیارییکراویش عێراق، بە دەست کێشەکانی پەیوەست بە ئێتنــۆ-ســێکتاریانیزمەوە دەنــاڵێنن. گوتــاری ڕقلێبوونــەوە، نــاکۆکی و پێکدادانــەکان لــە ســەر بنــەمای پێکهاتــە، تائیفیــە، ئــایین و مەزهــەب و جیاوازییەکانی دیکە بوونەتە سیمایەکی دیاری ژیانی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایــەتیی گــەلانی ئــەم ناوچەیــە. ئەمــەش فاکتــەرێکی ســەرەکییە بــۆ دواکەوتن و دوورکەوتنەوەی ئەو گەلانـە لـە پێشـکەوتن و گەشەسـەندن. کۆمەڵێک سکۆلاری ئەکادیمی نوسینەکانی خۆیان پەیوەست بەم بابەتەدا کــردووە، چەنــدین پێشــنیاز لــە شــوێنکاتە جیاوازەکانــدا خراونەتــە ڕوو. سەبارەت بە عێراقی دوای ٢٠٠٣شـەوە، هەندێکیان، وەک دیموکراسییەکی تەوافوقی و ڕێژەیی، فیدراڵی و سێکیولاریزم، تا ڕادەیەک تاقیکراونەتەوە. هاوکات، هیچیان نەیانتوانیوە کۆتایی بەم گرفتە بهێنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵــدەدات چــەمکی تــۆلێرانس لای جــۆن لــۆک وەربگرێــت و لــە ڕووی تیۆرییــەوە بــە ســەر کەیســی عێراقدا پیادەی بکات. پرسـەکە ئەوەیـە ئایـا فەلسـەفەی جـۆن لـۆک دەتوانێت ببێـتە فریادڕەسـی عێراقـی هـاوچەرخ و چەمکی تۆلێرانس دەتوانێت کۆتایی بە پێکدادانەکانی تائیفەکانی نـاو عێراق لە سەر ئاستە جیاوازەکان بهێنێت.

ئامـانج لـە ئەنجامـدانی توێژینەوەکـە دۆزینـەوەی چارەسـەرێکە بـۆ کێشـەکانی پەیوەسـت بـە ئێتنۆ-سـێکتاریانیزم کـە بتوانێت بـەردەوام بێت، ڕەگی خۆی لە کۆمەڵگادا دابکوتێت و سرووشتێکی نوێ لە ژیانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی لـە عێـراق بهێنێتـە کایـەوە. توێژینەوەکـە بـە پشتبەسـتن بـە چوارچێوەیـەکی تیـۆری، تـۆلێرانس ڕووندەکاتـەوە، پاشـان بـارودۆخی عێراقـی هاوچـەرخ دەخاتـە ڕوو و دواجـاریش پێشـنیازی خـۆی بـۆ چارەسەری گرفتەکان دەخاتە ڕوو.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی تا چ ئەندازەیەک تۆلێرانس دەتوانێت چارەسـەری گوتـاری ڕقلێبـوونەوە لە عێـراق بکـات و ئایا جۆن لۆک دەتوانێت ببێتە فریادڕەسی عێراقی هاوچەرخ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیاری سـەرەکی توێژینەوەکە پێویستە بە دوای کۆمەڵێک پرسـیاری لاوەکیـدا بگەڕێـین، بەمەش دەتوانرێت تێگەیشـتنێکی وردترمـان هەبێت سـەبارەت بە هەڵنەکـردن یـاخود ڕقلێبـوونەوەی گەلانـی عێراق بەهۆی جیاوازی لە ڕووی ئـاین و مەزهەب و ئیتنیکیەوە. پرسـیارە لاوەکییەکان خۆیان لە چەند خاڵێک دەبیننەوە:

تێگەیشتنێکی تیۆری سەبارەت بە فەلسـەفەی تۆلێرانس لەلایەن جۆن لۆکەوە و گرفتە هەنووکەییەکانی عێراق: پەیوەست بە سێکتاریانیزمەوە و تۆلیرانس وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی سێکتاریانیزمی عێراق.

گریمـانەی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لە ئایـا بیـرۆکەی تـۆلێرانس کە لەلایەن جـۆن لـۆکەوە بـووە بە بنەمـا پـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئیتنیکـی و مەزهەبـی لە ڕۆژئـاوا دەتوانرێـت بەهەمـان شـێوە چارەسەرێکی گەنجاو بۆ کێشەکانی عێراق بکات.

ئەم تـویژینەوەیە پشـت دەبەسـتێت بە هەمـوو ئەو سـەرچاوانەی کە بەردەسـتن سـەبارەت بە بیـرۆکەی تۆلێرانسـەوە، بەتـایبەت ئەو

سەرچاوانەی کە باس لە تۆلێرانس ئەکات لەلایەن جۆن لۆکەوە. واتە ڕێگای بەدەستهێنانی زانیاریەکان بە شێوەیەکی تیۆریە نەوەک کرداری. ئەمەش بەهۆی ئەوەی سروشتی توێژینەوەکە وا پێویست ئەکات کە زیاتر پشت بە لایەنی تیۆری تۆلێرانس لەلایەن بیرمەندی بەناوبانگی بواری لیبرالیزم ببەستێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش ئەنجامدانی توێژینەوەی کرداری لە شوێنێکی وەکو عێراق کە تاوەکو ئەم کاتەش پێکدادانەکان بەردەوامی هەیە ئەستەمە بۆ توێژەران تاوەکو بتوانن دەستیان بگاتە تەواوی زانیاریەکان پەیوەست بە ئیتنۆ-سێکتەریانیزمەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە زیاتر کار لە سەر بەدەست هێنانی داتاکان دەکات بەشێوەی چۆنایەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرفەتدان بۆ توێژەران بۆ کارکردنیان بەشێوەیەکی بەرفراوان تاوەکو بتوانرێت بگەینە ئەنجامی گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە. چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تۆلێرانس لەلایەن جۆن لۆکەوە و دواتر ئەم تیۆرە جێبەجێی کەیسی عێراق ئەکات بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە. ئەم پەیپەرە پشت دەبەستیت بە سەرچاوەی ناوەندی کە لە کتێب و گۆڤار و وێبسایتە باوەڕپێکراوەکان بەدەست دەکەون.

پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم بەشانی خوارەوە: لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە زیاتر کار لە سەر جۆن لۆک و میراتی فەلسەفەی تۆلێرانس دەکرێت، بە جۆرێک لە سەرەتادا چەمکی تۆلێرانس بە شێوەیەکی گشتی ڕوون دەکەینەوە، هەموو سکۆلارە ئەکادیمییەکان ئەوەندەی کە نووسینیان هەیە سەبارەت بە تۆلیرانسەوە دەخەینە ڕوو. بەڵام ئەوەی لەم چاپتەرە زیاتر کاری لە سەر ئەکەین بریتییە لە ڕوونکردنەوە و شیکارکردنی چەمکی تۆلێران لەلایەن خودی جۆن لۆکەوە، کە ئەمەش بەرچاوڕونیەکی باش ئەبێت تاوەکو دواتر بیچەسپێنین بۆ سەر کەیسی عێراق.

له بەشـــی دووەمـــی ئەم تـــویژینەوەیەدا شـــیکردنەوە و تێگەیشـــتی پێویســـت بـــۆ کێشـــە هەنوکەیەکـــانی عێـــراق، پەیوەســـت بە ئیتنـــۆ ســێکتەیرانیزمەوە، ئەکەیـن، بـۆ ئەم مەبەسـتەش سـەرەتا بە شـێوەیەکی پوخــت باکگراونــدێکی مێژوویــی ســەبارەت بە تــائیفەگەریی و گوتــاری ڕقلێبوونەوە لە عێراق ئەخەینەروو، دواتر باس لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ و سـەرهەڵدانەوەی تـائیفە کپکراوەکـان دەکەین، لە کۆتـایی ئەم چاپتەرەشـدا بــاس لە نــالێبوردەیی ئــاینی و هەڵنەکــردن لەگەڵ ئەویتــردا دەکەیــن لە عێراقدا.

لەبەشـی سـێیەمی ئەم تـوێژینەوەیەدا زیـاتر گفتوگۆ و بـاس لەبـارەی چەسپاندن و جێبەجێکردنی تیۆری سەرەکیی توێژینەوەکە، کە لە بەشـی یەکەمەدا شــیکراوتەوە، بــۆ نمــوونەی عێــراق ئەکەیــن بە شــێوەیەک کە تۆلیرانس وەک چارەسـەرێک بۆ کێشـەکانی ئیتنۆ سـێکتاریانیزمی عێراق ئەخەینە ڕوو.

هەروەهـــا ئەم تـــوێژەنەوەیەش کۆتـــای پێـــدینین بە خســـتنەڕووی دەرئەنجامەکـــــانی تـــــویژینەوەکە و دواتـــــریش کۆمەڵێـــــک ڕاســـــپاردە ئەخەینەڕوو.

## بەشی یەکەم: جۆن لۆک و میراتی فەلسەفەی تۆلێرانس

### باسی یەکەم: چەمکی تۆلێرانس

تۆلێرانس، وەک وشە، بە مانـای هـەڵکردن لەگـەڵ ئەویـدی دێت. واتـە ئـەوەی کەسـێک یـان گرووپێـک بتوانێت یـان بتـوانن بەرانبـەر بـە بـوونی ئەوانیتر کە لە خۆی نین لێبووردە بێت، لێگەڕێ وەک ئـەوەی کـە هـەن لـە تەنیشتیەوە هەبن، بهێڵێت مومارەسـەی ئـەو جیاوازییانـەیان بکـەن کـە لای ئــەم پەســەندنین یــان جێگــەی بــاوەڕ نــین. بــە واتایــەکی تــر، تــۆلێرانس هەڵکردنــە لەگــەڵ جیاوزییەکانــدا و ئەمــەش لــە حاڵەتــە بنەڕەتییەکەیــدا

هەڵکردنە لەگەڵ ئەوانەی کە خودایەک غەیری خوداکەی ئەم دەپەرستن و ئایینێک غەیری ئایینەکەی ئەم پەیڕەودەکەن (Nandy, 1988). هەڵبەتە، بابەتی تۆلێرانس، لەگەڵ ئەوەشدا کە بنچینەیەکی پەیوەست بە ئایینی هەیە، بەڵام بە تەنیا لەو چوارچێوەیەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو مەوداکەی لە ئایین دەترازێت و کولتوور، ڕۆشنبیری و سیاسەتیش دەگرێتەوە(Tønder, 2013). دەکرێت ئەمە وەها لێک بدرێتەوە کە کولتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیاواز بە زۆری بەرئەنجامی ئایین و باوەڕە جیاوازەکانە(Gasser, 1999).

تۆلێرانس وەک چەمک یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە ناو مێژووی فەلسەفە و ئاییندا ئامادەییەکی دیار و بەرچاوی هەیە. لێکدانەوەکانی ناو ئەدەبیاتی فەلسەفی پشت بەوە دەبەستن کە تۆلێرانس هەڵکردن بێت لەگەڵ باوەڕ، گوتە و کرداری کەس یان کەسانێک کە نەک هەر لەگەڵ هی کەسە هەڵکەرەکە جیاواز بێت، بەڵکو بگرە پێچەوانە، دژ و نەخوازراویش بێت. بەو مانەیەی لە کاتێکدا ئەکتێک لە کۆمەڵگادا ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی لەگەڵی نین، بتوانن لەگەڵی هەڵبکەن و بشگرە زەمینەی مومارەسەکردنی بۆ فەراهەم بکەن و یارمەتیدەربن لەوەی ئەویدی ئازادانە مومارەسەی باوەڕەکانی بکات و خەونەکانی بکات بە ڕاستی (Bodhi, 1993).

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە تۆلێرانس لە وەهلەی یەکەمیدا حاڵەتێکە لە ڕۆشنبیریی و پەیوەندیی بە بیرکردنەوەوە هەیە؛ هەر ئەم پانتاییەی بیرکردنەوەشە کە دواتر دەرفەت بۆ بینینەوەی تۆلێرانس لە دیفاکتۆدا خۆش دەکات. ئەگەر لە قۆناغی بیرکردنەوەدا ڕێ بە داوەریی پێشوەختە و تەنانەت پاشوەختەش نەدرێت و ئەوا لە مێشکدا دایاجێست بکرێت کە دەشێت جۆرێکی تر لە بیرکردنەوە و لە باوەڕ لای کەسانێکیتر هەبێت، ئەوا لە قۆناغی کرداریدا ئاسانتر بوونی جیاوازیی ئەوانیدی قبوڵ دەکرێت و جیاوازییەکانی کۆمەڵگا دەتوانن لەگەڵ یەکتردا

ئاشییانە هەڵبکەن و هەر لایەنێکیش ئازادانە باوەڕی خۆی لە کۆمەڵگادا بکاتە گوتە و کردە.

لە چوارچێوەی کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکی فرەییدا، ئەوەی زۆرتر سەرنجەکان ڕادەکێشێت بریتییە لەوەی زۆرینە بتوانێت لە بەرانبەر کەمینە، جا ئایینی بێت یان کولتووریی، سیاسیی، ئیتنی و ڕۆشنبیریی، هەڵ بکات و لێبوردە بێت. گرنگە زۆرینە دان بە ئازادیی کەمینەدا بنێت و تەنانەت ڕێی دەربڕینی ئازادییەکانیشی بۆ هەموار بکات. لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئازادی و ئاشتی پێویستن بۆ تۆلێرانس و ئەم دوانە دەتوانن ببنە پێشمەرجی ڕەخساندنی زەمینەیەک کە تۆلێرانسی تێدا هەست پێ بکرێت (Robb, 2007; and also: Murphy, 1997).

گۆڕانکارییە مرۆڤکردە بەرچاوەکان و لە نوێترین نموونەشیدا شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و زانیاریی وایکردووە چەمکی تۆلێرانس بە تەنیا لە چوارچێوە کلاسیکییەکەیدا نەمێنێتەوە، بەڵکو هەر جیاوزییەک لە ئەنجامی هەر ڕەوتێکی نوێ بێتە ئارا، پێویستیی بە مامەڵەیەکی لێبوردانە هەیە و دەخوازێت زۆرینە پەسەندی بکات و لەگەڵی هەڵبکات. کەواتە دەشێت بگوترێت لەگەڵ ئەوەشدا کە جەوهەری تۆلێرانس لە کات، شوێن و حاڵەتە جیاواز و نوێیەکاندا تا ڕادەیەک وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام وەزیفەکەی بەردەوام لە گۆڕاندایە و ناکرێت لە چاچێوەیەکی کلاسیکیدا لە قاڵب بدرێت، بەڵکو دەبێت وەک چەمکێکی بەرفراوان لێی بڕواندرێت؛ هەر وەک چۆن لە سەردەمی هاوچەرخدا مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە دانپێدانراوەکان دەخوازن بەرانبەر بە ڕەوتە نوێکان لێبووردەیی هەبێت و زۆرینە لەگەڵ کەمینە تازە دەرکەوتووەکاندا هەڵ بکات.

تۆلێرانسی نموونەیی، لە ڕاستیدا، هیچکات ناتوانرێت دەستەبەر بێت؛ چونکە لە حاڵەتە ئایدیاڵییەکەیدا دەبێت لە بەرانبەر ئەوانەشدا کە لێبووردە نین، لێبووردەیی پەیڕەو بکرێت کە ئەمەش نالێبوردەیی بەرهەمدێنێتەوە و

لـه وەهـا حاڵەتێكیشـدا وەک كـارل پۆپـەر لـە كتێبـی كۆمـەڵگای كـراوە و دوژمنـەكانی ئاماژەی پێدەكات تـۆلێرانس ئینتۆلێرانسـی لێدەكەوێتـەوە كـە پێچەوانـەی جەوهـەری تۆلێرانسـە (Popper, 1971). لەگـەڵ ئەمەشـدا، جۆن ڕاوڵـز لـە كتێبی تیـۆری دادپەروەریدا باس لـەوە دەكـات كـە ئەگـەر كۆمەڵگا بەرانبەر بە نالێبووردەیی لێبووردە نەبێت، ئەوا نـالێبووردەیی زاڵ دەبێت و كۆی گشتیی كۆمـەڵگا دەبێتـە كۆمەڵگایـەكی نـالێبوردە. هـەر بۆیـە ڕاوڵز لەو باوەڕەدایە كە پێویستە كۆمەڵگای دادپەروەر لە پێناو ئەوەدا كـە دادپەروەری خـۆی لـە دەسـت نـەدات بەرانبـەر بـە نـالێبووردەیی لێبووردە بێـت و بـەو جـۆرە بتوانێـت وەک كۆمەڵگایـەكی دادپـەروەر و لێبـووردە بمێنێتەوە. ئەم هەڵكردنەی ڕاوڵز لەگـەڵ هەڵنـەكردن ڕەهـا نییـە و ڕێژەییـە؛ ئەو ئەم تۆلێرانسە سنووردار دەكات بـە مانـەوەی كۆمـەڵگا و ئـەو مافـەش دەدات بـە كۆمـەڵگا كـە لـە پێنـاو هێشـتنەوەی خـۆی و دامەزراوەكانیـدا بەرانبەر بە توندڕەوی و نالێبووردەیی هەڵوێستی هـەبێت و ئازادییـەكانی سـنووردار بكــات تــا بتوانێــت تۆلێرانســێكی ڕاســتەقینە بەرهـــەم بهێنێت(Rawls, 2009).

## باسی دووەم: تۆلێرانس لای جۆن لۆک

تـۆلێرانس وەک بیرۆكـە و وەک پراكتیـک لـە مێـژووی بەشـێک لـە ئیمپراتیـۆریەتە دێرینەكانـدا ئامـادەیی هـەبووە. لێبوردەییـەكانی كۆرشـی پاشـای هەخامەنشـییەكان، ئەسـكەندەری مەقـدۆنی، تـەیمووری لـەنگ و هـەروەها لێبـووردەیی ئیمپراتۆریـەتەكـانی وەک ڕۆمـان و عوسـمانییەكان بەرانبەر بە كەمینە ئایینی و نەژادییەكان هەموو نموونەی پراكتیككراون لە تـۆلێرانس و هـەڵكردنی زۆرینـەی زاڵ لەگـەڵ كەمینـەی ژێردەسـتەدا. تۆلێرانس هەروەها لە ناو ئامۆژ و دەقە ئایینییەكاندا بوونی هەیـە و ئایینـە جیاوازەكان لـە چەندین تێكستدا پەرژاونەتـە سـەری (Fisher & Boyle, 1968).

لـه چوارچێـوەی بیرکردنــەوە و تیـۆرە فەلسەفییەکانیشـدا، چـەمکی تۆلێرانس جێگـەی سـەرنجی زۆر لـە بیرمەندان بووە. بـاروخ سـپینۆزا لـە کتێبێکی لە بارەی ئاین و سیاسەتەوە کە ساڵی ١٦٧٠ بڵاوی کردووەتەوە پێداگریی لە سـەر ئـەوە دەکات کە ئازادی بـە هـەر نرخێک بێت، تەنانـەت ئەگەر لە بەرانبەر زیانیش بێت لە باوەڕداری و لە ئاشتی، هـەر شایستەی بەدەستهێنانە؛ چونکە بە بڕوای ئەو ئەوەی زیاتر دەبێتە مەترسی بۆ سـەر وڵات و بۆ سەر باوەڕ بریتییە لـە کپکردنـەوەی ئازادییـەکان. سـپینۆزا داوا دەکات هەر تاکێک بتوانێت لە ناخی خۆیدا زەمینەی لێبووردەیی و ئازادیی خۆی و ئەوانیدی فەراهـەم بکات. ئەو لـەوە زیـاتریش دەڕوات و ئـەوە بـە ئەرکی تاکەکان دەزانێت کە لەگەڵ بیرکردنەوە دۆگماکاندا هەڵبکەن و لای خۆیان وەک بیرکردنەوەیەک کە بکرێت لەگەڵیدا هەڵبکرێ شـرۆڤەی بکـەن. سـپینۆزا ئـەم ئـازادی و لێبووردەییـە فیکرییـەی نـاو بیـری تاکـەکان بـە پێشمەرجی قبوڵکردنی ئەوانیدی دادەنێت، بە جۆرێک کە بە هۆیانـەوە تـاک لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ کەسـانی جیاواز لـە خۆی هەڵدەکات، هەسـتیش بـە متمانـە و ئاسـوودیی خۆی دەکات(Spinoza, 2001) . لـەم حاڵەتـەدا کــە ســپینۆزا ڕوونــی دەکاتــەوە، لێبــووردەیی ســەقامگیر و بــەردەوام پێویستیی بەوە هەیە هەڵکردنەکە هـەر بـە تـەنیا ئـەکتێکی پاسیڤانە نـەبێت بەرانبەر بەوانیدی، بەڵکو تێگەیشتنێکی فیکریش بێت لە بارەی هـەموو ئـەو باوەڕانـەی کـە دەشـێت تـاک لـە ڕووی فیکریشـەوە لەگەڵیان هـەڵ بکات و بەرانبەریان لێبووردە بێت. لە ڕاستیشدا، ئەمە ڕیشەداکوتانی تۆلێرانسە لـە نـاو کولتـوور و مێنتـاڵیتیی کۆمەڵـدا؛ بـە جۆرێـک کـە بەرژەوەندییـەکان، جیاوازییـە تـازە دەرکـەوتووەکان و سـەرەڕۆییەکان نـەتوانن زەفـەری پـێ ببەن.

سـەرەڕای هــەموو ئـەو تێکسـتە فەلسـەفییانەی لـە سـەر تـۆلێرانس نووسراون، بـەڵام کـەس وەک فەیلەسـووفی بـەریتانی، جۆن لـۆک [١٦٣٢-١٧٠٤] نـەیتوانیوە خـۆی بـەم بابەتـەوە بناسـێنێت. نامەکـەی لـۆک لـە مـەڕ

تـۆلێرانس لـە سـاڵی ١٦٨٩ نووسـیویەتی بـووە هـۆی ئـەوەی لـۆک بـە فەیلەسوفی تۆلێرانس بناسێندرێت(Locke, 1955). هەڵبـەتە، فروانیـی بیر و فەلسەفەی لۆک، بە تایبەتیش لە بابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا، بوونەتە هۆی ئـەوەی فەلسـەفەی لـۆک زیـاتر لـە ڕەهەنـدێکی هـەبێت و بـە تـەنیا لـە چوارچێوەی تۆلێرانسـدا قـەتیس نەمێنێتـەوە (Locke, 2014). جگـە لەمـە، لـۆک نـەک هـەر لـە نامەکـەی لـە مـەڕ تـۆلێرانس، بـەڵکو لـە نووسـینەکانی تریشـیدا، ئامـاژەی بـە بابـەتی تـۆلێرانس کـردووە و کردوویەتیـە هـەوێنی بیرۆکەکانی تری.

لە بنەڕەتدا، نامەکـەی لـۆک سـەبارەت بـە تۆلێرانس دەرکەوتـەی ئـەو ترسە بوو کە بە سەر لۆکدا زاڵ بوو بەوەی نەبادا مەزهەبی کاسـۆلیک بـە سەر ئینگلاندا زاڵ ببێت و ئـەم زاڵبوونـە کێشـە بـۆ ئـایین و مەزهەبـەکانی تر و هەروەها بۆ حوکمڕانی لەو وڵاتە بنێتەوە(Walsham, 2006). لـۆک پێشـوەختە بیرۆکـەی تۆلێرانسـی ئـایینی وەک چارەسـەر پێشکەشـکرد تـا ببێتە وەڵامگۆی هـەموو ئـەو تـرس، گومـان و گریمانـە نەخوازراوانـەی کـە دەشێت ببنە ڕاستی. تـەواو بـە پێچەوانـەی تۆمـاس هـۆبزەوە کـە پێـی وایـە تاکئایینی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمـەڵگا بـە باشـیی خـۆی نومایـان بکـات و ئەرکـە مەدەنییـەکانی ڕاپـەڕێنێت، لـۆک لـەو باوەڕەدایـە کـە ئـەوە فرەیـی ئایینییە کە دەتوانرێت بە هۆیەوە کۆمەڵگا لە نائارامی دوور بخرێتەوە. ئەو پێیوایە فرەیی گرووپـە ئایینییـەکان لـە نـاو کۆمەڵگایەکدا بنچینـەی ئـارامیی مـــەدەنیی کۆمەڵگایـــە و ئـــەوەی دەبێتـــە هـــۆی نائـــارامیی، لـــە ڕاســـتیدا، هەوڵــەکانی نەهێشــتنی جیاوازییەکانــە و مومارســەکردنی ڕەتکردنــەوە و تواندنەوەی ئەوی دیکەیە. بە بڕوای لۆک لێبووردەیی و هەڵکردن بەرانبەر بەوی دی و هێشتنەوەی جیاوازییەکان گەرەنتیی ئارامیی کۆمـەڵگا دەکـات، نەک وەکیەکلێکردنی جیاوازییەکان(Locke, 1841).

شایستەی ئاماژەپێدانە کە تۆلێرانس لای لۆک، لە قۆناخی سـەرهەڵدان و گەشــەکـردنە ســەرەتاییەکانیەتی و بـۆ ســەردەمانی هاوچــەرخ، لەگـەڵ

ئەوەدا دەبێتە بنچینە، بەڵام ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئایدیاڵی وەربگیرێت و تەرجەمەی سەر واقع بکرێت؛ ئەمەش لەبەرئەوەی تا دێت جیاوازییەکان زۆرتر و قووڵتر دەبنەوە و ئەمەش پێویستیی بە تۆلێرانسێکی سینگفراوانتر و قووڵتر هەیە. لۆک لەگەڵ ئەوەدا ڕیشەی تۆلێرانسی لە ناو لیترچەری بابەتەکەدا داکوتاوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک، لە ناویاندا هۆکاری سیاسی، لەو باوەڕەدا بووە لێبووردەیی و هەڵکردن لەگەڵ کاسۆلیکەکان و بێباوەڕەکان پێویستە سنووردار بێت و نەگاتە ئەو ئاستەی کە بێباوەڕێک و پرۆتستانێتک وەک یەک سەیر بکرێن. ئەگەر نکۆڵیکردنی لۆک لە هەڵکردن لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا لەبەر هۆکاری سیاسیی بووبێت، ئەوا نکۆڵی ئەو بەرانبەر بە بێباوەڕەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە بڕوای لۆک بەڵێن، پەیمان و سوێند ئەو چەمکە گرنگانەن کە کۆمەڵگایان پێ گرێ دەدرێت و تاکەکانی پێ دەبەسترێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە بە بڕوای لۆک، کەسی بێباوەڕ پابەندی سوێندەکانی نابێت و ناشتوانرێت حیساب لە سەر سوێندی بێباوەڕێک بکرێت(Locke, 1955). لۆک دواتر لە نامەیەکدا لەمەڕ تێگەیشتنی مرۆڤ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات و قسە لە سەر ئەگەری زیانگەیاندنی کەسانی بێباوەڕ بە پرۆسەی سیاسی و ئارامی کۆمەڵایەتی دەکات .(Locke, 1841)

هێنانەوەی ئەم نموونەیە لە بیرکردنەوەی لۆک لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەدایە، کە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوەدا کە پشت بە فەلسەفەی لۆک دەبەستێت، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە کە گۆڕانکارییەکان پێویستیی پیادەکردنی فەلسەفەی لۆک بە شێوەیەکی هاوچەرخانە دەکەنە زەرووڕەت. جگە لەمە، لە سەر ئەو بنەمایەی کە لۆک بە باوکی ئەزموونگەرایی دادەنرێت بیرۆکەکەی سەبارەت بە تۆلێرانس بە سەر عێراقی هاوچەرخدا ئەزموون و پیادە دەکرێت؛ ئەمەش بە شێوازێک

کە لەگەڵ ئەم کات و شوێنەدا بگونجێت کە لەگەڵ بارودۆخ، کات و شوێنی نووسینی نامەکە جیاوازیی زۆرە.

لە بەشی دواتردا شیکاری گرفتە هەنووکەییەکانی عێراق و بە تایبەت ئەوانەی کە پەیوەستن بە سێکتاریانزیمەوە دەکرێت. لەو بەشەدا کورتەیەک لە مێژووی تائیفەگەری و گوتاری ڕقلێبوونەوە لە عێراقدا باس دەکرێت و دواتر فۆکەس دەخرێتە سەر عێراقی دوای ٢٠٠٣ و باس لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو کێشانە دەکات کە بە هۆی زەبر و زۆرەوە بۆ چەند دەیەیەک کپ کرابوونەوە. هەر لەو بەشەدا نالێبووردەیی ئایینی و هەڵنەکردن لەگەڵ ئەویتردا لە عێراقی هاوچەرخ باس دەکرێت تا لەم ڕێگەیەوە کێشەکان چارەسەر و دواتریش چارەسەرەکان پێشنیاز بکرێن.

## بەشی دووەم: گرفتە هەنووکەییەکانی عێراق: پەیوەست بە سێکتاریانیزمەوە

### باسی یەکەم: کورتەیەک لە مێژووی تائیفەگەری و گوتاری ڕقلێبوونەوە لە عێراقدا

دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، سیستەمی جیهانی گۆڕانکاری گەورەی بە خۆوە بینی، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاتە ئاراوە؛ بە نەمانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و هەوڵی لایەنە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ پێدانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ هەر یەک لە نەتەوەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەت؛ لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٢١ دەوڵەتی عێراق دەمەزرێندرا. هەر لێرەوە دروستکردنی دەوڵەت بۆ گەلانی ناو عێراق مشتومرێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا ئەمەش لەبەرئەوەی پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت سەپێندرا بە سەر گەلانی ناو عێراق؛ واتە گەلانی ناو دەوڵەت بە خۆیان لەگەڵ ئەم جۆرە دروستکردنە نەبوون، ئەمەش بە هۆی جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی و نەژادی و سێکتەریانیزمەوە. هەربۆیەش لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی

عێراقەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەوڵەتی درووستکراوی عێراق لە دوای پێکهێنانی چەندین حکومەت لە ناو سیستەمی جیاوازەوە، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق نەیانتوانیوە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە ژێر ناوی دەوڵەتی عێراقیدا کۆبکاتەوە. بۆیە ئەم دەوڵەتە لە سەرەتای درووستبوونیەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام بە دەست کێشەی تائیفی و مەزهەبی و ئاینییەوە دەناڵێنێت و نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتی سەرجەم پێکهاتەکان، بەڵکو هەرجارەی دەوڵەتێک بووە بۆ بەرژەوەندیی پێکهاتەیەک و لە دژی ئەوانی دیکە بووە (Simon and Tegirian (33-21 :2014لە ڕاستیدا، هەروەک چۆن دەوڵەتی عێراق لەدایکبوونێکی ناسرووشتی هەبوو، بەهەمان شێوەش درێژەدان بە سیاسەت و حوکمڕانی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە ناسرووشتییەدا، ناسرووشتی بووە. عێراق هیچکات نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتی دامەزراوەکان و هەمیشەش، لە باشترین حاڵەتیدا، وەک دەوڵەتی پێکهاتەکان، ئەویش نەک لە سەر بنەمای یەکسانی و بەرابەریی نێوانیان، بەڵکو لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی ئەویدی، ماوەتەوە.

**باسی دووەم: عێراقی دوای ٢٠٠٣ و سەرهەڵدانەوەی تائیفە کپکراوەکان**

دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر و دانانی ستراتیژیەتی باڵا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە بە دەوڵەتی سوپەر پاوەر دادەنرێت لەم سیستەمە جیهانییە، لە هەمبەر ڕێگەگرتن و تۆڵەسەندنەوە لە هەموو ئەو لایەنانەی کەوا بەرپرس بوون لەم ڕوداوانە، ستراتیژیەتی شەر لە دژی تیرۆر ڕاگەیەندرا. ناوی کۆمەڵێک گرووپ و دەوڵەتیش لە ناو لیستی ڕەشدا دانران؛ بە مەبەستی لەناوبردن و هێرشکردنە سەر. بێگومان دەوڵەتی عێراق بووە بەشێک لەم ستراتیژیەتەی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری لە سەر بکات و حکومەتەکەی بگۆڕێت. لە ساڵی ٢٠٠٣، هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراق

دەستی پێکرد و لە هەمان ساڵیش سەرکەوتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگ ڕاگەیندرا.(Gardnar 2005)

دوای ساڵی ٢٠٠٣، گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە تاکڕەوییەوە بۆ دیموکراسی، کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی دەکرد و یارمەتیی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو عێراقی دەدا، دەستی پێکرد. بێگومان پرۆسەی پەیڕەوکردن و مومارەسەکردنی دیموکراسی لەو وڵاتانەی کە تازە لە شەڕ تەواو بوون، پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆز و سەختە و پێویستی بە داڕشتنەوەی کۆمەڵێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی دووبارە بنیاتنەوەی دەوڵەت هەیە (Chetail, 2009) ئەمە بە تایبەتیش لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە چەندین ساڵ لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆریی سوننەخوازی عەرەبگەرادا بووە و بەهۆی جیاوازیی زۆر و فرەیی ئاینی و نەژادی و مەزهەبیەوە، ئاڵۆزتر دەبێت.

بەڵام عێراق دواتر بووە سەرتۆپی جەنگێکی مەزهەبی و تائیفی و ناوچەیەکی خوێناوی و پڕ لە پێکدادان بۆ جیاوازییە ئاینی و نەتەوەییەکان. نالێبوردەیی ئاینی و جیاوازی نەتەوەیی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بە شێوەیەکی دیموکراسییانە کە جێگەی هەموانی تێدا ببێتەوە و تاکەکان هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆیان بکەن و پێکهاتەکانیش هەست بە بەشداربوونیان لە کایە جیاوازەکانی وڵاتدا بکەن. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی نوێی عێراقی سەرکەوتوو نەبوو لە نەهێشتنی جیاوازیی ئاینی و مەزهەبی و بنیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراق (Al-Qarawy, 2014).

**باسی سێیەم: نالێبوردەیی ئایینی و هەڵنەکردن لەگەڵ ئەویتر**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی Reese Aaron لە ٢٠١٤، عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە پێشتر خۆیان مەڵاس دابوو بە هۆی سیستەمی تاکڕەوی لە وڵاتدا و بوونی بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە کاتی گۆڕینی سیستەمی سیاسی بووە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تایفەکپکراوەکان کە پێشتر لەلایەن حزبی بەعسەوە، کە زۆرینەیان سونی بوون سەرکوت کرابوون. بۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دوای ٢٠٠٣، کە شیعەکان تیایدا زۆرینە بوون نەبوونە جێی ڕەزامەندیی گرووپەکانی تری ناو عێراق (Reese Aaron, 2014)، بەتایبەتیش بۆ سونەکان و کوردەکان. ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٣ گرتبوویانە بەر بە تایبەتی لە کوشتن و گرتنی هەموو ئەو کەسانەی کە باکگراوەندی بەعسیبوونیان لە سەر چەسپابوو و گرینگی نەدانی ئەوتۆ بۆ ئەو شارانەی کە زۆرینەیان سونە مەزهەبوون. ئەمە جگە لەوەی دەسەڵاتدارە شیعییەکان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی کوردەکانی عێراق (Shuani, 2014). دەسەڵاتی عێراقی لە دوای ٢٠٠٣ نەک هەر نەیتوانی بەرانبەر بە بەعس و پاشماوەکانی لێبووردە بێت، بەڵکو نەشیتوانی لەگەڵ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناوخۆی خۆیدا، کە دژە بەعس بوون، هەڵ بکات. ئەگەر پێش ٢٠٠٣ شەڕەکە لە نێوان بەعس و غەیرە بەعسدا بووبێت، ئەوا لە دوای ٢٠٠٣ وە تەنیا بەشێکی کەمی شەڕەکە بۆ ئەم بابەتە بوو، بەڵکو بەشە گەورە و خوێناوییەکەی شەڕی نێوان شیعە و سونە لەلایەک و شیعە و سونە پێکەوە لەگەڵ کورد لەلایەکی دیکە بوو. لەم نێوەندەشدا کەمینە ئاینییەکانی دیکەی وەک مەسیحی و یەزیدی و ئەوانیدیکەش لە بارێکی نادڵنیادا مانەوە، کە دواتر دەرکەوتنی داعش وەک هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسی و دەسەڵاتدارییەکان،

بووه هۆی ئەوەی هیچ کەسێک لەم وڵاتەدا نەمێنێتەوە کە هەڕەشەی لە سەر نەبێت.

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەستەڵاتدارە شیعەکان، بە تایبەتی لەلایەن دەستەڵاتی جێبەجێکردنەوە، لە دژی لایەنەکانی دیکەی عێراقی وەکو عەرەبی سونە و کورد. لێرەشەوە دەستەڵاتی شیعی هەوڵیدا لە ڕێگەی سەرکوتکردنی نەیارەکانیەوە زیاتر پەرە بسەنێت و خۆی بسەپێنێت. ئەم شێوازەی بەکارهێنانی دەستەڵات بووە هۆی بەرهەمهێنانی کاردانەوە بەشێوەی خۆپێشاندان لەلایەن بەشێکی زۆر لە سونەکانی عێراق. بەمەش دەستەڵاتی شیعیی عێراقی وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە بە بەکاربردنی سیاسەتی سەرکوتکردن و ئەمەش بووە هۆی توڕەکردن و وڵامدانەوەی زیاتری خۆپیشاندەران، لە چەندین قۆناغی جیاجیای دەستەڵاتی شیعی لە عێراقی دوای ۲۰۰۳ (BBC, 2012).

ئەم شێوازەی حوکمکردنە بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گروپی چەکداری شیعە مەزهەب، وەکو گروپی چەکداریی حەشدی شەعبی و هەروەها دامەزراندنی هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، بە تایبەت لە پارێزگای کەرکوک. لە ئەنجامی ئەمەش ڕق و قین و هەڵنەکردن لەگەڵ یەکتر زیاتر تەشەنەی کرد و دووبارە بووە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی ناسەقامگیریی زیاتر لە وڵاتدا. ئەم شێوازەی دەستەڵاتدارێتیکردنە و پێشێلکردنی مافی گەلانی جیاواز و ئاینی جیاواز لە وڵاتدا بووە هۆی ئەوەی گەلانی عێراق نەتوانن بە شێوەی شەراکەتی هاوبەش بەیەکەوە هەڵبکەن و جارێکیتر گەلانی عێراق لە دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش بە ناوی ناسنامەی عێراقی شکست بێنن.(The New York Times, 2013)

هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، داعش، کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ توانی بەشێکی زۆری ڕووبەری عێراق کۆنترۆل بکات، بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی کەوا سونەکان تیایدا زۆرینەن. ئەمەش بووە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوی ڕق و قینی زیاتر لەلایەن گروپە مەزهەبی و ئاینەکانی ناو عێراق، چونکە دەوڵەتەکە بەرپرسیاریتیی خۆی ڕاگەیاند لە کوشتن و تالانکردن و خاپورکردنی هەزاران هاوڵاتی شیعە و کورد و مەسیحی و ئێزیدی (Li and Others 2015) سەرەڕای ئەمەش کورد لە باکووری عێراق جارێکیتر هەوڵی جیابوونەوەی یەکجارەکیان دا لە دەوڵەتی عێراقی؛ ئەمەش دوای ئەوەی لە مانگی سێپتێمبەری ٢٠١٧ ڕیفراندۆمی سەربەخۆی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە ناوچە کێشەلەسەراکان ئەنجامدرا. بەڵام دیسان دەوڵەتی فیدراڵیی بەغدا بە بەکارهێنانی هێز، کە زۆرینەی ئەو هێزانە گروپی شیعە مەزهەب بوون، هێرشی سەربازی بە تایبەت بۆ شاری کەرکوک ئەنجام درا (Guardian ٢٠١٧)، ئەمەش دەکرێت لێکدانەوی جیاواز بۆ ئەم ڕووداوانەی ساڵی ٢٠١٧ لە کەرکوک بۆ بکرێت. لەلایەک جارێکیتر ڕق و قینی نوێی لە نێوان کورد و عەرەب زیاتر کرد بەوەی گروپە شیعەکان دەستیان بەسەر دەوڵەمەندترین شاری عێراقدا گرت کە زۆرینەی کوردە و هەروەها کار کرا بۆ لەناوبردن و کەمکردنی هەموو دەستەڵات و ئاسەوارێکی دەستەڵاتی کوردی لەم شارەدا. لە لایەکیتریشەوە دەکرێت بگوترێت دەوڵەتی عێراق ڕێگری کرد لە پارچەبوونی عێراق و جیابوونەوەی کوردەکان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

بە گشتی، ئەزموونی عێراقی دوای ٢٠٠٣ لە سیاسەت و فەرمانڕەواییدا، ئەزموونێکی شکستخواردووە لە دروستکردنی ناسنامەیەکی عێراقیبوون بۆ عێراقییەکان. ئەزموونێکە پڕاوپڕە لە چیرۆکەکانی کوشتن، ئەشکەنجەدان و سەرکوتکردنی ئەویدی تەنیا

لەبەرئـەوەی لـە پێکهاتـەی ئـەم نییـە. ئـەم ئەزموونـەی عێـراق لـە مـاوەی نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا، هەرواز و نشێوی زۆری بە خۆوە بینیوە. ئێستا گەشتووەتە ئەوەی کە پێکدادانی نێوان تایفەکان کەمتر خوێناوی و زۆرتـر سیاسـی و یاسـاییە؛ گەڕانـەوەی ڕێژەیـی ئـارامی لە توونـدوتیژیی نێوان پێکهاتەکانی کەم کردووەتەوە. هاوکات پێویستە ئەوە لە بیر نەکرێت کــە ســتەمی حکــومی بــۆ ســەر ناوچــە جیاوازەکــان بەردەوامــە و خزمەتگوزارییەکان، ئاوەدانکردنەوەکان و ڕۆڵـە سیاسـییەکان بـە یەکسـانی بە سەر ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا دابەش ناکرێت. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، عێراقـی ئـەمڕۆ کێشـەی هـەڵکردن لەگـەڵ ئـەوی دیکـەی هەیـە؛ پێکهاتـە ئاینییەکان، بە تایبەت ئەوانە لە دەسـتوور و یاسـادا دانیـان پێندا نەندراوە، زیاتر لەوانی دیکە بە فەرامۆشـی سـپێردراون و پێکهاتـە فەرمییـەکانیش لـە کێشـمەکێشـەکانی نێوانیـان، هەنـدێک جـاریش بـە یارمـەتی هێـزی دەرەکـی، بەردەوامن. لە عێراقی ئەمڕۆدا، تەنانەت ئەگەر زەمینەیەکی ئەمنیی ڕێژەیی و سیاسـیی لـە سـەر ئاسـتە باڵاکـان فەراهـەم کرابێـت، بـەڵام زەمینەیـەکی فیکـری و ڕۆشـنبیریی لـە سـەر ئاسـتی مـەردومی هێشـتا نەخوڵقێنـدراوە؛ وەک هەمیشـەش کێشـەکان لـە یـەک کاتـدا لـە سـەروە بـۆ خـوارەوە و لـە خوارەوە بۆ سەرەوە دەگوازرێنەوە.

## بەشی سێیەم: تۆلیرانس وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی سێکتاریانیزمی عێراق

هـەر لە سـەرەتای درووسـتبونیەوە، دەوڵەتـی عێـراق بە شـێوەیەکی نارێکوپێـک و لە سـەر بەرژەوەنـدیی وڵاتـانی زلهێـز دامەزرا، نەوەک وەک وڵاتێک بۆ گەلانی عێراق. هەرچەندە دروستبوونی دەوڵەت سـەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەڵام لە زۆربەی (بەشـەکانی باکوور) ناوچە کوردنشـینەکان ( و بەشـەکانی باشـوور) ناوچـە شیعەنشـینەکان بووە مـایەی دروسـتبوونی کەمینەی ئاینی و نەتەوەیی بەهێز. هەر ئەمەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی کێشـەی کەمینەکان و ئەم کێشـەیەش بـووە هۆکـاری سـەرەکیی نائـارامی و

ناسـەقامگیریی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئـاینی لە نـاو وڵاتـدا. ئەم کێشـەیە بەردەوامە و تا ئیستاش چارەسـەرێکی بنبڕی بۆ نـەدۆزراوەتەوە. بـۆ ئەم مەبەسـتە متمـانەی کـۆمەڵایەتی و ڕۆحـی لێبـوردەیی دوو چارەسـەری گرنگن بۆ پێکەوە ژیانی گروپە ئاینییە جیاجیاکان و نەتەوە جیاجیاکان لە ناو چوارچێوەی یەک دەوڵەت و لە سایەی یەک دەسـتەڵاتدا( Gharaiba, 2006).

لە ڕاسـتیدا ئەوە تـا ئاسـتی ئەزمـوونکردن سـەلمێندراوە کە متمـانەی کـۆمەڵایەتی و تـۆلێرانس دوو بنەمـای سـەرەکی و بەهێـزن بـۆ پـێکەوە هەڵکـردن و پەیوەسـتبوونی کـۆمەڵایەتی. لێـرەدا گـرنگە ئـەوە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن متمانە و تۆلێرانس بەدی دێت و بەردەوامیش دەبێت لە هەمانکاتـدا. تـوێژینەوەی یەکجـار زۆر هەن لە سـەر ئەم بـابەتە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە زۆربەی توێژینەوەکان باس لە لێبوردەیی و متمانە دەکەن لە کەش و هەوایەکـی سـەقامگیردا. بـۆیە پێویسـتە لێکـۆلینەوە لەم دوو چەمـکە بکرێـت لەو کۆمەڵگایـانەی کە لە کەش و هەوایەکـی توندوتیژدان یان ئەو کۆمەڵگایانەی کە دوای حوکومڕانییە دیکتاتۆرەکان دەژین. لە دوو دەیەی ڕابردودا زۆر لە دەسـتەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بەرەو بێهێـزی یـان بەرەو نەمـان چـوون؛ لە ئەنجـامی ئەمەشـدا گەلانـی ژێـر دەسـتەڵاتی ئەم ڕژێمـانە ڕووبەڕووی پێکـدادانی نەتەوەیـی و مەزهەبـی بوونەوە (Rydgren, Sofi and Hällsten, 2013).

دوا بەدوای لەنـاو چـوونی ڕژێمـی بەعس لە سـاڵی ٢٠٠٣ لە سـەر دەسـتی چەنـد وڵاتێکـی زلهێـز، عێراقـی دوای فەرمـانڕەوایی ئەم ڕژێـمە دیکتاتۆرییە ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر بووەوە لە ئەنجامی نەبوونی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراسی و خراپیی دابەشبوونی دەسـتەڵات لە ژێـر دەسـتی چەنـد لایەنێکـی دیـاریکراوی سـەر بە ڕژێـم. هەر بـۆ ئەم مەبەسـتە هەوڵـی یەکجـار زۆر دراوە بـۆ دووبـارە بنیاتنـانەوەی عێراقێکـی نـوێ و حکـومەتێکی دیموکراسـی کە گەلانـی عێـراق لە ژێـر سـایەی ئەم

حکـومەتە بتـوانن مافـەکانیان بەدەسـت بهێـنن و ژیـانێکی خۆشـگوزەران بۆیـان فەراهەم بکرێـت. چەنـدین هەوڵ و چارەسـەر پێشـنیاز کـراون بـۆ دووبـارە بنیاتنـانەوەی عێـراق و ڕوبەڕووبـوونەوەی سـێکتاریانیزم و ئەو گوتـاری ڕقەی کە هەیە و بەربـڵاوە لەنـاو کـۆمەڵگەی عێـراق. چارەسـەرە پێشـنیارکراوەکانیش بریتـی بـوون لە: سـیکۆلاریزم، مەدەنـیەت، سیسـتەمی فیـدرالی، دیموکراسـیی تەوافـوقی و هتـد. بەڵام هـیچ کـام لەم چارەسـەرانە نەبـوونە هۆکـاری بەرەو پێشـبردنی وڵات و چارەسـەرکردنی کێشـەکان لە عێراق بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم لە ڕووی سیاسی کێشەی یەکجار زۆر لە نێـوان گەلانــی عێـراق ســەریانهەڵدا کە دروســتبوونی داعـش (دەوڵەتــی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام) و ڕیفرانـدۆمەکەی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سەربەخۆیی کێشەکەی گەیاندە لوتکە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە دابەشبوونی کۆمەڵگە لە نێوان نەتەوە جیاجیاکان بە شێوەیەکی بەرچاو و ســەرهەڵدانی کێشــەی ســونە و شــیعەش وەک کێشــەیەکی ئــاینی زۆر ترسناک (Al-Thahr, 2013).

بە پێی بیروبـاوەری جـۆن لـوک، پێویسـتە گرنگی و کـاری دەوڵەت و دیـن بە شـێوەیەکی زۆر ورد لە یەک جیـا بکـرێنەوە و سـنورێکی دیـاری کـراو و جێگیـری بـۆ دابنرێـت کە ئەم سـنورە بە هـیچ شـێوەیەک هـیچ گۆرانکارییەک قبوول نەکات بۆیە لە یەکەم هەنگاوی بنیاتنانەوەی عێراق هەوڵـی دروستکردنی حکومەتێـک درا کە لە سـەر بنەمـای دیموکراسـی تەوافوقی و مەدەنیەت کاروبارەکانی بەرێوە بچێت. بەڵام ئەم هەوڵانە بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، گرنگترین هۆکارەکانیش بریتـی بـوون لە نەبـوونی تـۆلێرانس و ڕۆحـی لێبـوردەیی لە نـاو گەلانـی عێـراق و ســەرهەڵدانی کێشــەی مەزهەبـی لە نێـوان شـیعە و سـونەدا و دەســـتوەردانی وڵاتە هەرێمـــی و نێودەوڵەتییەکـــان بـــۆ هێنـــانەدی بەرژەوەندیەکانی تایبەت بە خۆیان و دووبارە سەرهەڵدانی کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.

جۆن لوک پێی وایە زۆربەی کات هاوپەیمانیی نێوان دەستەڵاتدار و پیاوانی ئاینی لە بەرژەوەندیی زۆرداریی حاکم بووە و زیاتر زۆرداری بە سەر یەکسانی و دادپەروەرییدا زاڵ بووە. دوابەدوای گشت ئەو هەوڵ و تەقەلایەی درا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سیستەماتیک و دیموکراسی بۆ گەلانی عێراق، بەلام لە بەر چەندین هۆکاری جیاواز، لە ناویشیاندا دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ، ئەم هەوڵانە لە بار بران لە ڕێگای دەستوەردانی پیاوانی ئاینی باڵا دەست لە عێراقدا. هەر ئەم دەستوەردانە بووە هۆی دروستبوونی کێشەی ئاینی و سیاسی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان و ئایینە جیاوازەکانی ناو عێراق، چونکە هیچ بریارێکی دەزگایەکی ئەمنی و بەرێوەبەرایەتی هێندەی فتوایەکی مەرجەعی شیعە هێز و دەستەڵاتی نەبوو. Al- ,Haydary٢٠١٢)).

لەم بارودۆخەدا تەنها تۆلیرانس دەتوانێت ببێتە فریادرەسی کێشەکانی عێراق، بەلام ئەوەی پێویستە گرنگیی پێبدرێت ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت لە بارودۆخێکی وەهادا ئەم لەگەڵ یەکهەڵکردنە فەراهەم و درووست بکرێت. لە ڕاستیدا، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەک عێراق، بەلام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە چارەسەری نییە. چارەسەری ئەم بارودۆخە دەکرێت بە پلانی جۆراوجۆر و ستراتیژی کورتخایەن و درێژخایەن بێت.

هەڵسوکەوتی هەر مرۆڤێک بریتییە لە دەرهاوێشتەی ئەو ژینگەیەی کە تێدا پەروەردە بووە و ئەو دەوروبەرەی کە کاریگەرییان لە سەر ژیانی هەبووە، بۆیە هەندێک هەڵسوکەت بە تێپەربوونی کات فەرامۆش دەکرێن و بیردەچنەوە لەلایەن مرۆڤەکان، بەلام هەندێک هەڵسوکەوتی تر کە جێگیربوون لە بیروبارەوری مرۆڤ ئەوە گۆڕانیان کارێکی ئاسان نابێت. بۆیە بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بێت پێویستە نەوەیەکی نوێ و بەرهەم بێت کە ڕوحی لێبوردەیی لە ناخی بچەسپێت. بواری پەروەردە یەکێکە لەو بوارە هەرە گرنگەکان کە دەتوانرێت بە

هۆیــەوە نەوەیەکــی نــوێ بەرهەم بهێنــدرێت کە هەڵگــری بیروبــاوەڕێکی جیـاواز و کـراوە بێت بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەو بـاوەڕە تەقلیـدیەی کە کۆمەڵگـا پێـیەوە دەناڵێنێـت. یەکێـک لە گرنگتـرین ئەو شـتانەی کە نەوەی نــوێ دەبێــت پێــی ئاشــنا بێــت ئەوەیە کە دووبــارە پێناســەی چەمــک و بنەماکـانی کۆمەڵگە بکرێتـەوە بەو شـێوازەی کە بتوانێت ڕای بەرامبەر بە ئاسانی وەرگرێت و جیاوازیش قبوول بکـات، کە ئەمە دوو کۆڵەکەی هەرە گرنگی تۆلێرانسن.

**ئەنجام و ڕاسپاردەکان:**

ئەم تـــوێژینەوەیە هەوڵـــێکە بـــۆ ناســـاندنی بیـــری تـــۆلێرانس لە ســـەردەمێکدا و جێبەجێکردنــی لە وڵاتێکــدا کە زیــاتر لە هەر کــاتێکیتر بە دەســت نائامــادەیی ئەو چەمــکەوە دەناڵێنێــت. تــوێژینەوەکە هەوڵیــداوە لە ڕێــگەی پشتبەســتن بە ئەدەبیــاتی فەلســەفی و سیاســیی پەیوەســت بە بیرۆکەی تۆلێرانس و بە تایبەتیش بە پشتبەستن بە کتێبەکەی جۆن لۆک، تــۆلێرانس وەک چەمــک شــی بکــاتەوە. تــوێژەرانی ئەم تــوێژینەوەیە لەو بــاوەڕەدان کە ناکرێــت تــۆلێرانس لە چوارچێــوەی پێناســـەیەکدا کــورت بکرێتەوە و بە پێناسەیەک بۆ هەموو سـەردەمەکان ناوببرێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا باشـترین ناسـاندن بـۆ تـۆلێرانس ئەوەیە کە بناسـێندرێت بەوەی کە: حاڵەتێکی فرە ڕەهەندی مرۆییە کە تیایدا کۆمەڵێک بتوانێت بەرانبەر بە بوونی ئەوانیتر کە لە جۆری خۆی نین لێبووردە بێت، لەگەڵیان هەڵبکات و لێگەڕێت وەک ئەوەی کە هەن و دەیانەوێت لە تەنیشتیەوە هەبن.

هەرچەنـدە تـۆلێرانس بـابەتێکە ڕەگوڕیشــەکەی بـۆ هەڵکردنــی نێـوان ئـایین و ئـایینزا جیاوازەکـان دەگەڕێتەوە، بەڵام گەشـەی جـۆریی کۆمەڵگـا مرۆییەکـان وایکـردووە ئەم بـابەتە لە ئـایینەوە بـۆ پنتەکـانی دیکەی ژیـانی مرۆیی لە کۆمەڵگاکانـدا، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا فرەییەکانـدا، بگـوازرێتەوە،

وەک زەروورەتێـک بـۆ مـانەوە و گەشـەی بەردەوامـی ئەو کۆمەڵگایـانە. توێژینەوەکە لەو باوەڕەدایە کە عێراقی هاوچەرخ، کە لێرەدا مەبەست لێی عێراقـی پـاش ٢٠٠٣ـیە، بە شـێوەیەکی حاشـاهەڵنەگەر نمـوونەیەک بـووە لە کۆمەڵگـــایەکی فرەیـــی، کە فـــرەیییەکەی بەڵایەک بـــووە بـــۆ ســـەر دانیشـتوانەکەی، بە سـەرجەم پێکهاتەکـانیەوە. هاوکـات، هەر لە سـەرەتای ئاشـووبی عێراقـی هاوچەرخیشـەوە تـا ئێسـتا کەسـانی ئەهلـی سیاسـەت، یاسـا، سیاسـەت و کۆمەڵگـای مەدەنـی بەردەوام بـوون لە پێشـنیازکردنی ڕێگە چارەسەرەکان؛ بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوەی کە دیفاکتۆی عێراقی ئەمڕۆ نیشـــانمان دەدات، ئەوەیە کە هـــیچ یەک لەو چارەســـەرانە، جـــا لە بەر پیادەنەکردنیان بێت یان لەبەر هۆکاری تری تیۆری، نەیانتوانیوە عێراق بـکەنە وڵاتێـک کە پێکهـاتە جیاوازەکـانی بە ئاسـوودەیی ژیـانی جیـاوازی خۆیان بژین.

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵیـداوە چەمکـی تـۆلێرانس لای جـۆن لـۆک، بـۆ چارەسەری کێشـەکان و هەروەهـا بۆ گەشـەکردنی کۆمەڵگاکەش پێشـنیاز بکـات. تـوێژینەوەکە، بە پشتبەسـتن بە شـیکار و شـرۆڤەکانی، گەشـبینە بەوەی تـۆلێرانس لە سـەر ئاسـتی تیـۆری بتوانێت وەڵامگۆی کێشـەکانی پەیوەسـت بە ڕقلێبـوونەوە و سـێکتاریانیزم بێـت لە عێراقـدا. هەڵـبەت بـۆ ئەمەش کـۆمەڵە پێشـــمەرجێک لە پـــێش چـــاو دەگرێـــت و ســـەرکەوتنی پیادەکردنی تۆلێرانسیان پێوە دەبەستێتەوە.

تـوێژینەوەکە گەیشـتووە بەو ئەنجـامەی کە لە ڕێـگەی پیـادەکردنی چەمکـی تۆلێرانســەوەیە کە دەتوانرێـت دۆخێـک برەخسـێنرێت تـا زۆرینـە ددان بە ئازادیی کەمینەدا بنێت و تەنانـەت ڕێی دەربڕینی ئازادییەکانیشـی بـۆ هـەموار بکـات. هەڵـبەت، ئەمە پێویسـتە لە سـەر کـۆی لایەنەکـان و ئاسـتەکانی جەلاد و قوربـانی، حکـومەت و هـاوڵاتی، زۆریـنە و کەمیـنە، هەروەهـاش لە سـەر هەمـوو ڕەهەنـدەکانی یاسـا، سیاسـەت، پەروەردە، ئـابووری و لایەنەکـانی تـریش پیـادە بکرێـت و لە دۆخێکـی تیـۆرییەوە بـۆ

دۆخێکی واقیعی بگوازرێتەوە. لە ڕاستشدا، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری لازیمەی پێشوەختەی تۆلێرانسن و ئەمانە دەتوانن ببنە پێشمەرجی ڕەخساندنی زەمینەیەک کە تۆلێرانسی تێدا هەست پێ بکرێت.

خاڵێکی تر کە تویژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەوەیە کە تۆلێرانسی پیادەکراوی ئایدیالی هیچکات ناتوانرێت دەستەبەر بێت. ئەمەش لەبەرئەوەی تۆلێرانس لە حاڵەتە ئایدیالییەکەیدا پێویستە لە بەرانبەر ئەوانەشدا پیادە بکرێت کە دژی تۆلێرانسن و باوەڕیان بە لێبووردەیی و هەڵکردن نییە؛ خۆ ئەگەر لە بەرامبەر ئەوانەدا کە لێبووردە نین لێبووردەیی پەیڕەو بکرێت، ئەوا ئەم جۆرە لە تۆلێرانس ئینتۆلێرانسی لێدەکەوێتەوە کە پێچەوانەی جەوهەری تۆلێرانسە. بۆیە گەشبینیی تویژەران بەرامبەر بە تواناکانی جۆن لۆک لە بیری تۆلێرانسیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە سێکتاریانیزمی عێراق، جارێکی تر سنووردار دەکرێتەوە بەوەی کە تەنەنات لە ئەنجامی تۆلێرانسی پیادەکراویشدا، هێشتا بەندیخانەکان، وەک سیمبوڵی سزادان، هەر بە کراوەیی دەمێننەوە، جا با ئاوەدانیشیان کەمتر بێت.

ڕاسپاردەی سەرەکیی تویژینەوەکە ئەوەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراقی هاوچەرخدا هەوڵ بدرێت لە بری ئیدارەدانی کێشەکان، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و واز لە تاقیکردنەوەی دووبارەی تاقیکراوەکانیش بهێنن. عێراقی دوای بەعس نەک هەر نەیتوانی بەرانبەر بە بەعس و پاشماوەکانی لێبووردە بێت، بەڵکو نەشیتوانی لەگەڵ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناوخۆی خۆیدا، کە دژە بەعس بوون، هەڵ بکات. عێراقی نوێ پێویستیی بەوە هەیە بە یاسا و کەناڵە فەرمی و نافەرمییەکانی پەیوەست بە پەروەردە و میدیا بیری تۆلێرانس بڕوێنێت و واز لە بە یاساییکردنی پشکپشکێنەی سێکتەرەکانی کۆمەڵگا بهێنێت، کە ئەزموونێکی شکستخواردووە.

ڕاسپاردەیەکی تر ئەوەیە کە دەشێت چارەسەری تریش هەبن کە بتوانن ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، بەڵام بە بێ بوونی لێبووردەیی هیچ چارەسەرێک کاریگەر و بەردەوام نابێت. بە نموونەی ئەو هەوڵانەی کە دراون، هەوڵی دروستکردنی شوناسێکە بە ناوی شوناسی عێراقیبوونەوە کە لە سەرەتای دروستکردنی عێراقەوە هەبووە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانیدا ڕووبەرووی شکست بووەتەوە و هۆکاری سەرەکیش زۆر بە سادەیی بریتیی بووە و بریتییە لە هەستنەکردنی عێراقییەکان بە ئارامییەکی دەروونی، فیکری و ئابووری. لە دۆخێکدا کە تاک هەست بە ئارامیی نەکات لە ژینگەیەکدا، ناتوانێت شانازیی بە خاوەندارییی مەعنەویی ئەو شوێنەوە بکات و بەمەش شوناس دروست نابێت. بەڵام بیری تۆلێرانس، ئەو ئاسوودەییە دەخوڵقێنێت کە تاک تیایدا هەست بکات لەبەرئەوەی لە وەها سنوورێکی جیۆگرافیدا دەژیت بۆیە خاوەنی ئەو ئاسوودەییەیە و هەر بۆیەشە دەتوانێت پابەندیی بەرامبەر ئەو جیوگرافیایە هەبیت و خۆی بە بەشێک لە هەمووی و هەمووشی بە هی خۆی بزانێت.

**References:**


- Al-Haydary, I (2012) John Locke and Tolerance [Online] Available at: https://elaph.com/Web/opinion/2012/12/781494.html [Accessed١٢/٠٣/٢٠١٩ ].

- Al-Qarawee, H (2014) Iraqi's Sectarian Crisis: A Legal of Exclusion: Carnegie, Middle East Centere [Online]. Available from: file:///C:/Users/handren/Desktop/Tolerance/iraq_sectarian_crisis.pdf [Accessed 10 March 2019].

- Al-Thahr, J (2013) Political history of the contemporary Iraq. 1st ed. Iraq: Ministery of Culture.

- BBC (2012) Iraq Sinni Protests in Anbar Against Nouri al-Maliki. [Online]. Available from: <https://www.bbc.com/news/world-middle-east-20860647> [Accessed 26 December 2018].

- Bodhi, B. (1993). Tolerance and diversity. BPS Newsletter Cover Essay.

- Brahimi, L (2007) State Building in Crisis and Post-Conflict Countries. [Online]. Available from: <unpan1.un.org/intradoc/groups/public/documents/un/unpan026305.pdf> [Accessed 10 March 2019].

- Chetail, V (2009) Post-Conflict Peacebuilding. 1st ed. UK: Cambridge University Press.

- Fisher, W. B., & Boyle, J. A. (Eds.). (1968). The Cambridge History of Iran: The Seleucid, Parthian, and Sasanian periods, edited by Ehsan Yarshater (2 pts.). University Press.

- Gardnar, H (2015) American Global Strategy and the 'War on Terrorism'. 1st ed. Routlege: London.

- Gasser, M. B., & Tan, R. N. (1999). Cultural tolerance: Measurement and latent structure of attitudes toward the cultural practices of others. Educational and psychological measurement, 59(1), 111-126.

- Gharaiba, I (2006). *صفحات من تاريخ العراق*. [Online] Available at: https://www.aljazeera.net/knowledgegate/books/2006/12/31/%D8%B5%D9%81%D8%AD%D8%A7%D8%AA-%D9%85%D9%86-%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82 [Accessed 21 02 2019].

- Li X, Zhang, R, Huang, CH and Li, D (2015) Detecting 2015 Northeren Iraq Insurgency using night-time Light Imagery: *International Jounral of Remote Sensing*. Volume 36, 2015 Nummber (13) Pages (3446-3458). [Online]. Available from: <https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01431161.2015.1059968> [Accessed 14 January 2019].

- Locke, J. (1841). An essay concerning human understanding.

- Locke, J. (2014). Second Treatise of Government: An Essay Concerning the True Original, Extent and End of Civil Government. John Wiley & Sons.

- Locke, J., & Popple, W. (1955). A letter concerning toleration (No. 22). New York: Bobbs-Merrill.
- Murphy, A. R. (1997). Tolerance, toleration, and the liberal tradition. Polity, 29(4), 593-623.
- Nandy, A. (1988). The politics of secularism and the recovery of religious tolerance. Alternatives, 13(2), 177-194.
- Popper, K. R. (1971). Open Society and its Enemies. Volume 2: The High Tide of Prophecy: Hegel, Marx, and the Aftermath.
- Rawls, J. (2009). A theory of justice. Harvard university press.
- Reese, A (2013) Sectarian and Regonal Conflict In The Middle East: Middle East Security Report 13. *Institute For the Study of War*: the USA. [Online]. Available from: <https://www.globalgovernancewatch.org/docLib/20140109_SectarianandRegionalConflictintheMiddleEast_3JUL.pdf> [Accessed 14 Junuary 2019].
- Robb, J. (2007). Verticillium tolerance: resistance, susceptibility, or mutualism?. Botany, 85(10), 903-910.
- Rydgren, J. Sofi, D and Hällsten, M,(2013) Interethnic Friendship, Trust, and Tolerance: Findings from Two North Iraqi Cities. (Vol. 118, No. 6). The University of Chicago Press.
- Shuani, H (2018) Iraq Devided for ‘Kurds, Sunni and Shia’ and finish the 100 years conflict. Gulan Magazin.

- Simon, R and Tegirian, E (2014) The Creation of Iraq 1918-1921. 1st ed. Colombia University Press: New York.

- Spinoza, B. (2001). Theological-political treatise. Hackett Publishing.

- The Guardian (2017) Kurds Defeated, Displaced and Divided after Iraq Reclaims oil-rich Kurkuk. [Online]. Available from: <https://www.theguardian.com/world/2017/oct/22/kurds-bitter-defeat-iraq-reclaims-kirkuk> [Accessed 14 Junuary 2019].

- The New York Times (2013) Dozens Killed in Battles Across Iraq as Sunnis Escalate Protests Against Government. [Online]. Available from: <https://www.nytimes.com/2013/04/24/world/middleeast/clashes-at-sunni-protest-site-in-iraq.html> [Accessed 11 March 2019].

- Tønder, L. (2013). Tolerance: A Sensorial Orientation to Politics. Oxford University Press.

- Walsham, A. (2006). Charitable Hatred: Tolerance and Intolerance in England, 1500-1700. Manchester University Press.

## Abstract

Nowadays, most of the nations in the Middle East, especially Iraq, are facing ethno sectarian conflicts. Hatreds, conflicts, and essential difficulties which are based in their structure, tribes, religion, sect, ethnicity, and others are the crucial aspects on their political and social lives for all nations in the region. And this is the main factor for non-progress and far from modernity and developments. In the literature of this topic, there are so many suggestions that are discussed by different scholars regarding the solutions of ethno sectarian conflicts in Iraq. For instance, some scholars suggest and examines democracy, federalism, and secularism. However, they could not succeed in their attempts at all and they could not finish the ethno sectarian conflicts in Iraq.

The central purpose of this paper is to investigate the concept of tolerance by John lock as the theory and then apply to the case of Iraq. The research question that will guide the overall argument in this research is as follows: "How John Lock's philosophy and his concept of tolerance can be a good solution and finish ethno sectarian conflicts in the contemporary Iraq?"

The object of doing this paper is to explore and find a good solution about ethno sectarianism conflicts in order to build new Iraq in terms of political, social, and security stability. The study will draw on the existing literature about concept of tolerance by John Lock as a theoretical framework. Then, the study will understand the current situations in Iraq. Finally, this paper concludes with the recommendations and possible solutions regarding the ethno sectarian conflicts in Iraq.

**ملخص:**

فـى عصـرنا الحـالي، الكثيـر مـن شـعوب منطقـه الشـرق الاوسـط وتحديـدا العـراق، يعـانون مـن المشـاكل المتعلقـة بالطائفيـة. خطـاب الكراهيـه، الاخـتلاف والصدام على اساس المكون، الطائفة، الدين، المذهب والاختلافات الاخرى، هـي مـن معـالم الحيـاة السياسـية والاجتماعيـه لشـعوب هـذه المنطقـة. وهـذه هـي احـدى اسـباب التخلـف وابتعـاد شـعوب المنطقـة الرئيسـية عـن الازدهـار. فـى الادبيـات المرتبطة بهذا الموضـوع، تـم طـرح مجموعـة مـن المقترحـات. فيمـا يخـص عـراق مابعد ٢٠٠٣، بعض هذه الادبيات السياسية مثـل الديموقرطيـة التوافقيـة والنسـبية، الفدرالية والعلمانية قد تم تطبيقها نسبيا الـى حـد مـا واى منهـا لـم تكـن بقـادرة علـى الوصـول الـى حـل مثـالي لهـذه المشـكلة. هـذا البحـث هـو محاولـة لتطبيـق مفهـوم التسامح لـدى جـون لـوک علـى النمـوذج العراقـى المعاصـر. والسـوال الـذي يطـرح نفسه هنا هو: هل فلسفة جون لوک بقـادرة ان تصـبح سـفينة نجـات للعـراقيين وهل من الممكن حل المشـاكل الطائفيـة مـن خـلال تطبيـق وتفعيـل مفهـوم التسـامح علـى المسـتويات المتعـددة؟ هـدف هـذا البحـث هـو ايجـاد الحلـول المسـتدامة للمشـاكل المرتبطـة بالقوميـة والطائفيـة وخلـق طـابع سياسـى واجتمـاعى جديـد فـى العـراق. البحث يحاول فى إطار نظري تفسير مفهوم التسـامح ومـن ثـم شـرح حالـة العـراق المعاصـرة وينتهـي بطـرح صـيغته الخاصـة بحـل المشـاكل الراهنـة فـى العـراق المعاصر.